# لە بێدەنگیی وەسفەوە بۆ جووڵەی گێڕانەوە

## (سنووری کارلێککردن لەنێوان وەسف و گێڕانەوەدا)

دلێر داوود فەتاح (*)

بێگومان پێوەندی لەنێوان وەسف و گێڕانەوەدا، بووەتە بابەتێکی گرنگ و سەرەکی لەنێوان ڕەخنەگر و نووسەرانی ڕۆژئاواییدا. هەریەکەیان دید و بۆچوونی خۆی لەسەر ئەم دوو بنیادە گرنگە و کاریگەرییان لەسەر یەکتر و ڕۆڵیان لە ناساندنیاندا هەیە.

ئەو ڕەخنەگرانەی گرنگی بە ڕۆمانی کلاسیک دەدەن، بیر و بۆچوونی جیاوازیان سەبارەت بەو پێوەندییەی نێوان گێڕانەوە و وەسف هەیە؛ بۆ نموونە، هەندێک ڕەخنەگر لەو باوەڕەدان کە گێڕانەوە بە شێوەیەکی گشتی، ڕووداوەکان دەخاتە ڕوو و پەرەسەندن و گەشەکردن و گۆڕانی هەڵوێست و ڕەفتاری کەسایەتییەکان لە کاتە جیاوازەکاندا نمایش دەکات، بەڵام وەسف دیمەنی شت و کارەکتەر و جیهان لە کاتێکی ڕاوەستاودا پێشکەش دەکات، بۆیە لە پەرەسەندنی ململانێیەکان ڕێگر دەبێت و بۆ ماوەیەکی دیاریکراو کاتی گێڕانەوە ڕادەگرێت. (١) ئەم بۆچوونە زیاتر ڕۆمانی نەریتی دەگرێتەوە، چونکە ئەرکی وەسف لەم جۆرە ڕۆمانەدا ئەوەیە کە «تێپەڕینی کات ڕابگرێت و شتەکان لە شوێنی خۆیاندا بەرچاو بکات.» (٢)، ئەمەش پێچەوانەی گێڕانەوەیە کە کاتی چیرۆکەکە ناوەستێنرێت و ئاراستەکەی بەرەو پێشەوە دەڕوات.

وەسف کاریگەری لەسەر هەموو بنیاد و

کەرەستەکانی ئاوەدانکردنەوەی ڕۆماندا دەبێت، بەتایبەتی لەسەر گێڕانەوە و بە بنیادێکی سەرەکی و گرنگ لە ڕۆماندا هەژمار دەکرێت، بەڵام جیاکردنەوە لەنێوان وەسف و گێڕانەوەدا، کارێکی ئاسان نییە، هەروەک (جیرار جینێت) دەڵێت: بەرجەستەبوونی وەسفێکی تەواو کە هیچ توخمێکی گێڕانەوەی تێدا نەبێت، زۆر لە بەرجەستەکردنی گێڕانەوەیەکی بێ وەسف ئاسانترە؛ چونکە سادەترین دیاریکردنی توخم و بارودۆخی پرۆسەیەک پێویستی بەوە هەیە کە پێشتر بە دەستپێکی وەسف دابینێین. (٣)

ئەم دوو پرۆسەیە تێکەڵی یەکتر دەبن؛ ئاسان نییە ڕۆمانێک بخوڵقێنرێت کە گێڕانەوە و وەسف تێیدا نەبن و ئەو بەرهەمە بە بەرهەمێکی سەرکەوتوو هەژمار بکرێت، یان ئەگەر بڵێین ڕۆمانێک هەبێت کە وەسفی تێدا نەبێت، ئەوە ئەو ڕۆمانە بە ڕۆمانێکی ناسەرکەوتوو هەژمار دەکرێت، چونکە هیچ تاموچێژێکی تێدا نابێت. لەگەڵ ئەوەشدا ڕۆڵی وەسف لای جینێت لە ڕۆڵی گێڕانەوە گرنگترە، وەک لێرەدا دەری دەخات: دەتوانین وەسف بێ گێڕانەوە بکەین، بەڵام ناتوانین گێڕانەوە بێ وەسف بکەین. ئەم بۆچوونە تا ڕادەیەک نوێیە و زۆربەی ڕۆماننووسانی ڕۆمانی نوێ ئەم شێوازە لە بەرهەمەکانیاندا پەیڕەو دەکەن، چونکە هونەری وەسف، پێوەندی بە هەموو توخم و پێکهاتەکانی ڕۆمانەوە هەیە.

وەک دیارە، لە ڕێگەی ئەرکەکانی وەسفەوە دەتوانین ڕۆمانی کلاسیک (نەریتی) لە ڕۆمانی شەپۆلی هۆش، یان ڕۆمانی نوێی فەرەنسی جیا بکەینەوە؛ ئەویش بە دەرکەوتنی وەسف بە ئەرکی جیاواز، یان بە پێوەندییەکەی لەگەڵ توخمەکانی دیکەی ڕۆماندا، وەک دەرکەوتنی وەسف لەگەڵ دیالۆگ، مۆنۆلۆگ، کەسایەتی و ڕووداوەکان... تاد. هەر لەم بارەیەوە ڕۆماننووسی ئینگلیزی (هێنری جەیمس) لە وتارە ناودارەکەیدا بەناوونیشانی هونەری ئەفسانە The Art of Fiction) دەڵێت:

ڕۆماننووس زۆر بەختەوەرە کاتێک ئەوە دەزانێت کە ئەم جۆرە جیاوازییە سەیر و یەکلاکراوەی نێوان (وەسف و دیالۆگ، وەسف و ڕووداوەکانی ناو ڕۆمان)، تەنیا جیاکردنەوەیەکی بێواتا و کەمسوودە؛ زۆرجار خەڵک باسی ئەم جۆرە بابەتانە دەکەن وەک ئەوەی جیاوازییەکی ڕوون لەنێوانیاندا هەبێت. وەک ئەوەی ئەوان تێکەڵ نابن و لە دەربڕیندا پێوەندییەکی بەهێزیان بەیەکەوە نییە، بەڵکوو من ئەو هزر و گریمانەیە ناکەم کە کتێبێک بخوڵقێنرێت و لە هەندێ خانەی بەرزدا دابنرێت؛ هەروەها باوەڕ ناکەم ڕۆمانێک شایانی ناوبردن بێت کە بەشە وەسفییەکانی هەبن و گێڕانەوەی تێدا نەبێت، یان دیالۆگی تێدا هەبێت و وەسف نەبێت... تاد. (٤)

بە بۆچوونی جەیمس، هەموو بنیادەکانی ڕۆمان پێوەندییان بەیەکەوە هەیە و تەواوکەری یەکترن؛ بێ ئامادەبوونی یەکێکیان کەموکووڕی دەکەوێتە داهێنانی نووسەرەوە، واتە وەسف و گێڕانەوە دوو توخمی سەرەکی بنیادی دەقی ڕۆمانن، بەڵام سەرەڕای ئەمە هەندێک ڕەخنەگر جیایان دەکەنەوە و ئەم جیاکردنەوەیە هەندێک جار لەسەر ئاستی جیاوازی وەسف لەگەڵ گێڕانەوەدا دەردەخەن. لەم بارەیەوە ڕەخنەگری میسری (سەلاح فەزڵ) دەڵێت:

لە سەردەمی نوێدا هەندێک هەوڵ درا کە ئامانجیان سەربەخۆبوونی وەسف بوو لە دەسەڵاتداری گێڕانەوە (حیکایەت)؛ ئەویش لە ڕێگەی ئەو بنیادەی ناونرا

به (حیکایەتە وەسفییەکان). لێرەدا ئەوەی جێگەی ئاگاداربوونە، ئەوەیە کە جیاوازی نێوان وەسف و گێڕانەوە پێوەندی بە ناوەڕۆکەوە هەیە و ناگاتە ئاستی سیمیۆلۆجیی چیرۆک. گێڕانەوە وەک کۆمەڵە بەسەرهاتێک ئاماژە بە ڕووداوەکان دەکات، چونکە کاریگەری لەسەر دیمەنی کاتی و درامایی چیرۆک دەبێت، بەڵام وەسف بەپێچەوانەوە لە بەرانبەر شت و کەساندا ڕادەوەستێت و وەک توخمێکی هاوجێ و هاوچەرخ و وەک تەماشاکارێک تەماشا دەکات؛ واتە وەک ئەوەی هیچ حیسابێک بۆ کات ناکات و تەنیا خۆی بە شوێنەوە دەبەستێتەوە.(٥)

ئەم بۆچوونە تەنیا بە یەک دید لە ڕۆماندا سەیری ڕۆڵی وەسف دەکات، بێ ئەوەی ئەو جۆرە وەسفە تەماشا بکات کە ئاراستەی گێڕانەوە بەرەو پێش دەبات، یان بارودۆخی جووڵانی ڕووداوەکان دەکات، یان ئەو وەسفانەی بەشداری لە بنیادی واتای دەقدا دەکەن، بەڵام «بە بۆچوونی (جیرار جینێت)، هەندێک وەسف هەن کە هەرچەندە وەک جۆرێک نواندنی ئەدەبین، بەڵام بە شێوەیەکی وردبینانە لە گێڕانەوە جیا ناکرێنەوە، نە بە سەربەخۆیی ئامانجەکەی و نە بە ئۆریجینالیی ڕێگەکانی، تا ببێتە شتێکی پێویست بۆ لێکدانەوەی یەکێتیی گێڕانەوە-وەسف، ئەوەی ئەفلاتوون و ئەرستۆ ناویان نا گێڕانەوە (المحکی)، واتە کاتێک ڕۆماننووس وەسفی شوێنێک، یان کەسێک، یان شتێک دەکات، واتە ئەو سیفەتەکانی دەگێڕێتەوە و بێ ئەم، دوایی پرۆسەی وەسف ڕادەوەستێت و بەجێ ناهێنرێت.» (٦)، ئەمەش لە ڕۆمانی نەریتی و نوێدا بە شێوەی جیاواز دەردەکەون؛ لە ڕۆمانی کلاسیکدا وەسف وەک دیکۆرێک بۆ بەرجەستەکردنی کەسایەتی، شوێن، دیمەن و ڕووداوەکان بەکاردێت، بەو مەبەستەی جیهانی ڕۆمان لە جیهانی کەتواری و ڕیالیزمی دوور نەکەوێتەوە، بەڵام گرنگیی وەسف لە ڕۆمانی نوێدا تایبەتمەندی و ئەرکی جیاوازی هەیە؛ هەر لەم بارەیەوە (ئالان ڕۆب گرییێ) دەڵێت: لە ڕۆمانی کلاسیکی سەدەی نۆزدەیەمدا، وەسف بۆ نمایشکردنی دیکۆر و دیاریکردنی چوارچێوەی ڕووداو و دەرخستنی دیمەنی فیزیکیی کەسایەتییەکان بەکاردەهات، بۆ هاوتەریبکردن لەگەڵ جیهانی ڕیالیزمی، چونکە ئەمە ڕەسەنایەتیی ڕووداو و وتن و جووڵەکان دابین دەکات، بەڵام وەسف لە ڕۆمانی نوێدا شتێکی دیکەیە کە بەهای وەسف لە شتە وەسفکراوەکاندا دەرناکەوێت، بەڵکوو لە جووڵەی شتەکە خۆیدا دەردەکەوێت. (٧)

ئالان ڕۆب گرییێ دەیەوێت ئەوە بڵێت کە وەسف لەگەڵ گێڕانەوەدا تێکەڵ دەبن و بەیەکەوە کارەکەی خۆیان دەکەن. بە بۆچوونی ئەو، وەسف نابێتە هۆی ڕاوەستانی کاتی چیرۆک، بەڵام ئەمە بەو مەرجە دەردەکەوێت کە ئەو وەسفەی ڕۆماننووس دەیکات، وەسفێکی دووروودرێژ نەبێت، بەڵکوو کورت بێت تا بتوانێت لەگەڵ گێڕانەوەدا تێکەڵ ببێت. لەبەر ئەمە دەتوانین سەیری ئەم نموونەی خوارەوە بکەین:

لەوێ، لە دوورەوە چاوم بە سوڵتان موستەفا کەوت. تاجەکەی وەک شاشێکی سپی لەسەری بوو و شەش پەڕی تاووسی لەبەردا بوون. ئەو کەسێکی جوان، شیرین و نەترس بوو. چەند حەزم دەکرد نزیکی ببمەوە و ئەو خاک و ئاخەی ئەو بەسەریدا دەڕوات ماچی بکەم! بەڵام بە دەستم نەکەوت.

چ شەڕێک نەبوو کە لەژێر ئاڵای ئەودا نەماندەکرد. بە ئیزنی خودا تێیدا سەرکەوتوو

دەبووین، بەڵام لە کۆتاییدا ئەوەی بەسەرمان هات، بەسەر سوڵتان و سەدرەعزەمیشدا، نەیەتە سەری سەگانیش. (میرنامە: ١٠٦)

دەتوانین لەم پارچە بچووکەی ڕۆماندا، بەم شێوەیەی خوارەوە گێڕانەوە و وەسف بەرانبەر بکەین:

| وەسف | ژ | گێڕانەوە |
| --- | --- | --- |
| وێنەی جلوبەرگەکانی سوڵتان | ١. | تەماشاکردن لە دوورەوە |
| وێنەی مرۆڤێکی جوان | ٢. | نزیکبوونەوەی ڕەجەب بۆ لای سوڵتان |
| مرۆڤێکی چاونەترس | ٣. | ڕۆیشتنی سوڵتان |
| وێنەی ڕۆیشتنی سوڵتان لەسەر خاک | ٤. | ماچکردنی ڕەجەب بۆ خاک |
| وێنەی شەرکەران لەژێر ئاڵای سوڵتان | ٥. | شەڕکردن |
| وێنەی ڕیسوابوونی سوڵتان و شەڕکەران | ٦. | سەرکەوتن |

بەم شێوەیە تێکەڵبوونی سیفەت و کردارەکان لەگەڵ یەکتر دەبینرێت. ئەم دیمەنە بۆ ئێمە وێنە و ڕەفتاری مرۆڤێک لە بەرانبەر سوڵتانی عوسمانیدا دەردەخات، ئەوە نیشان دەدا کە ئەو بە چ شێوەیەک سوڵتانی بینیوە، پاشان بەپێی بینین و هزر و بیری خۆی وەسفی دەکات، لەگەڵ دیاریکردنی مەیدانی شەڕ و ململانێیان لەگەڵ دوژمن و دوای شکستیان لە شەڕدا. ئەگەر بە «پێوەرێکی مۆرفۆلۆجی سەیری ئەم دوو بابەتە بکەین، وەسف سیفەتەکان بەکاردەهێنێت و گێڕانەوە کردارەکان بەکاردەهێنێت.» (٨)، ئەگەر «گێڕانەوە ئامرازی جووڵە (بزاڤی) کات لە گێڕانەوەدا پێک بهێنێت، ئەوە وەسف ئامرازی وێنەی شوێن پێک دەهێنێت؛ بەم شێوەیە هەر ڕۆمانێک دوو لا (ڕەهەند)ی هەیە: یەکێکیان ئاسۆییە و ئاماژە بە ڕێڕەوی کات دەدات و ئەوی دیکە ستوونییە و ئاماژە بەو شوێنە دەدات کە ڕووداوەکان لەسەری ڕوودەدەن. بە ڕێگەی پێکەوەگرێدانی وەسف و گێڕانەوە فەزای ڕۆمان پەیدا دەبێت.» (٩)، بەڵام سەبارەت بە دەرکەوتنی وەسف بە شێوەیەکی سەربەخۆ، (جیرار جینێت) دوو نموونە دەهێنێتەوە و ئەو پێوەندییەی نێوان ئەو دوو بنیادە هونەرییەی ڕۆمان بەم شێوەیەی خوارەوە دیاری دەکات (١٠)

١ - خانوویەکی گەورە و سەربانەکەی لە پارچەکانی (ستیل) و لە هەردوو لایەنییەوە کەسکات بوو.

٢- ئەو پیاوە چووە پێش و لەسەر ئەو مێزە چەقۆیەکی برد.

بە بۆچوونی (جینێت) لە نموونەی یەکەمدا وەسف وەسفێکی پوختە و دوورە لە دیاریکردنی کات و جووڵە، بەڵام لە نموونەی دووەمدا بە ڕێگەی هەردوو کرداری (چوو، برد) سروشتی کات و جووڵەی تێدا دەبینرێت، لەگەڵ هەردوو ناوی (مێز و چەقۆ) کە ئەمانیش سروشتی وەسفییان پێوە دیارە، چونکە شتەکان لە شوێنی خۆیاندا دیاری دەکرێن. هەر لەم بارەیەوە و لە دیاریکردنی سروشتی هەریەک لە گێڕانەوە و وەسف، (جینێت) ئەنجامێکی گرنگ پێشچاو دەخات کاتێک دەڵێت:

بێگومان ئەو جیاوازییە بۆ شتەکان دەگەڕێتەوە کە دەتوانین بێ جووڵە نیشانیان بدەین، بەڵام جووڵە بێ شتەکان هەبوونی خۆی نییە. (١١)

واتە هەردوو توخمەکە (وەسف- گێڕانەوە) بە ئاسانی لە یەکتر جیا ناکرێنەوە. ئەمەش بۆ ئەو پێوەندییە ئاڵۆزەی نێوان ئەم دوو توخمە دەگەڕێتەوە. لێرەدا دەردەکەوێت کە گێڕانەوەش وەک وەسف، پێویستی بە شتەکان هەیە تا فەزای ڕۆمان بەتەواوەتی پێک بێت. هەر لەم بارەیەوە (جینێت) دەڵێت:

وەسف لای (مارسێل پرۆست) لە گێڕانەوەدا هاوتەریب دەبێ، بەو شێوەیەی کە شێوازی دووەمی وەرگرتنی لە جووڵە- واتە شێوازی

ڕاوەستانی وەسف- لای ئەو بە شێوەیەکی ئاشکرا نابینرێت، ئەویش لەبەر ئەوەی وەسف لای ئەو نابێتە هۆی ڕاوەستانی گێڕانەوە بە شێوەیەکی یەکجاری.

دەرکەوتنی (وەسف و گیڕانەوە)، چ بەیەکەوە، یان جیا لە ڕۆماندا، ڕۆڵێکی گرنگیان هەیە، بەڵام بەپێی شێوازی ڕۆماننووس ئەم بابەتە دەگۆڕێت. هەندێک ڕۆماننووس وەسفەکانیان ورد ورد و درێژ ئاراستە دەکەن کە ئەمە شێوازێکی کلاسیکییە، بەڵام هەندێک ڕۆماننووس وەسفەکانیان بە شێوەیەکی کورت و تێکەڵ وەک پرۆست ئاراستە دەکەن، کە ئەمەش شێوازێکی نوێیە و لە ڕۆمانی نوێدا پەیڕەو دەکرێت.

لە کۆتاییدا دەتوانین بڵێین لە ناو فەزای ڕۆماندا، دەردەکەوێت کە وەسف و گێڕانەوە دوو ڕووی یەک دراون، نەک دوو جیهانی لێک جیاواز. ئەوەی لە سەرەتاوە وەک دژایەتییەک دەرکەوت - کاتی ڕاگیراو بەرانبەر کاتی ڕۆیشتوو، وێنەی بێدەنگ بەرانبەر دەنگی جووڵە- لە ئەنجامدا بووە بەستنێکی تەواوکار؛ چونکە وەک جینێت پێداگری لەسەر دەکات، دەتوانین وەسف بێ گێڕانەوە بکەین، بەڵام ناتوانین گێڕانەوەیەک پێک بهێنین کە لە بنەڕەتدا پشت بە وەسف نەبەستێت. هەر جووڵەیەک پێویستی بە شتێک هەیە کە لەسەری ڕووبدات و هەر شتێک تەنیا کاتێک دەژییت کە جووڵە بەسەریدا بڕوات.

ئەو جیاوازییەی ڕەخنەگران دەیانویست لەنێوان ئەم دوو بنیادەدا بیچەسپێنن، زیاتر جیاوازییەکی ئەرک و دەرکەوتنە، نەک جیاوازیی جەوهەر. لە ڕۆمانی کلاسیکدا وەسف وەک دیکۆرێک ڕادەوەستا تا جیهانی دەق لە ڕاستی نزیک بکاتەوە؛ بەڵام لە ڕۆمانی نوێدا، لای پرۆست و گریێ، ئەو دیکۆرە تۆنکراوەیە کەوتووەتە ناو خودی جووڵەوە، چونکە وەسف ئیتر شتە ڕاگیراوەکان وەسف ناکات، بەڵکوو جووڵەی شتەکان خۆیان دەردەخەن، ئەمە مانای ئەوەیە کە مێژووی پێوەندیی وەسف و گێڕانەوە، لە بنەڕەتدا، مێژووی گۆڕانی تێڕوانینی ڕۆماننووسە بۆ کات و شوێن و ئەو ئاوازەی کە دەیەوێت لەنێوانیاندا بیژەنێت.

نموونەی میرنامە ئەوەی بۆ ئێمە ڕوون کردەوە کە ئەم تێکەڵبوونە تەنیا بابەتێکی تیۆریی ڕۆژئاوایی نییە، بەڵکوو لە دەقی ڕۆمانی کوردیشدا بە ڕەسەنایەتییەوە دەژی؛ کاتێک چاوی گێڕەرەوە لە دوورەوە بە سوڵتان دەکەوێت، وەسف و گێڕانەوە بەیەکەوە دەلوێنەوە بەو جۆرەی کە جیاکردنەوەیان بێجگە لە ڕووکەش نابێت، ئەمەش بەڵگەیە لەسەر ئەوەی کە ڕۆمانی کوردی، لە بنیادی هونەریی خۆیدا، لەگەڵ تەوەرە جیهانییەکانی ڕۆماننووسی دەخولێتەوە.

کەواتە، وەسف و گێڕانەوە نە دوو ململانێکارن کە یەکیان دەبێت بەسەر ئەوی دیکەدا زاڵ بێت، نە دوو هاوبەشی بێگانەن کە بەزۆر کۆکراونەتەوە؛ بەڵکوو دوو دەنگن لە یەک سروودی ڕۆماندا یەکیان بێدەنگییەکە دەنەخشێنێت، ئەوی دیکە جووڵەکە دەژەنێت و تەنیا لە لێکدانیاندایە کە فەزای ڕۆمان بە تەواوەتی ساز دەبێت.

**سەرچاوە و پەراوێزەکان:**

١- ئاری عوسمان خەیات: بنیادی وەسفی شوێن لە دەقی ڕۆماندا، ل٧٥.

٢- موریس ابوناضر: الألسنية و النقد الأدبي في النظرية و الممارسة. دار النهار للنشر، بيروت، ١٩٧٩، ص، ١٣٢.

٣- عمر عيلان: في مناهج تحليل الخطاب السردي، منشورات اتحاد الكتاب العرب، دمشق، ٢٠٠٨، ص، ١٢١.

٤- تزفيطان طودوروف: الشعرية. ترجمة: شكري المبغوت، رجاء بن سلامة، الطبعة الثانية، دار توبقال للنشر، الدارالبيضاء، ١٩٩٠، ص، ٢٥-٢٦.

٥- صلاح فضل: نظرية البنائية في النقد الأدبي، ص، ٢٩٥.

٦- ئەمین عەبدولقادر: شیعریەت د ڕۆمانێن (سدقی هروری)دا، دەزگەهێ سپیرێز، دهوک، ٢٠٠٨، ل٢٢٦-٢٢٧.

٧- ڕەمەزان حەجی قادر: جە د ڕۆمانا کوردی یا دەڤەرا بەهدینان دا گەریان ل بابێ بەرزە و دۆزەخا مرنێ. وەشانێن ئێکەتیا نڤیسەرێن کورد، دهۆک ٢٠٠٦، ل، ٩١.

٨- نضال محمد فتحي الشمالي: الوصف في الخطاب الروائي و أبعاده التقنية (زياد قاسم) أنموزجا، مجلة (دراسات، العلوم الإنسانية و الاجتماعية)، مجلد (٣٣)، عدد(١)، عمان، ٢٠٠٦، ص، ٢.

٩- حميد الحمداني: بنية النص السردي من منظور النقد الادبي، المركز الثقافي العربي للطباعة و النشر و التوزيع، بيروت، ١٩٩١، ص، ٨١.

١٠- هەمان ژێدەر. ڕ. ٨١.

١١- دیار فایەق مەجید: بونیاتی وەسف لە ڕۆمانی (ڕێگا)ی (محەمەد مەولوود مەم)دا، ل٣٣.

**(*) (قوتابی دوکتۆرا لە کۆلێژی پەروەردەی زانکۆی سەڵاحەددین – بەشی زمانی کوردی)**